# نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە ڕێککەوتنی حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و حکوومەتی ئەمەریکا دەکات

نێچیرڤان بارزانی سەروکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئێمڕۆ پێنجشەممە،پێشوازی کرد لە ڕێککەوتنی حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و حکوومەتی ئەمەریکا .

بارزانی لەپەیامێکدا باڵاویکردەوە، "پێشوازی لە ڕێککەوتنی حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی ئەمریکا دەکەین بە دەستپێکردنەوەی کارەکانی کۆمیتەی باڵای سەربازیی نێوانیان شێهاوبە هاریکاریی داهاتوی و دوقۆڵی ندیی‌یوەپە ی‌ربارەدە گفتوگۆکان وپێشچونی‌رەبە و (HMC) لە بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کولتوری، ئەمنی و سەربازیدا".

ڕاشیگەیاندوە، "هەرێمی کوردستان پشتگیری لەو ڕێککەوتنە دەکات و هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت بە پاراستنی ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری و سەروەریی وڵات و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ڕێزلەیەکگرتن و بەرژەوەندیی هاوبەش".